# ئەخلاق
# و
# پرسەکانی ئێمە..

**(بەشی یەکەم)**

**دارا مەحمود**

ئەخلاق لە ڕاڤەکردنێکی سادەدا، بەو بایەخە مرۆییانە دەگوترێت کە بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارەکانی مرۆڤ و دیاریکردن و جویکردنەوەی کردارە باش و خراپەکان لەیەکتر دێتە ئاراوە. یانیش دەتوانین بڵێین، کۆمەڵە بایەخێکە بۆ ئاراستەکردنی تاک و کۆمەڵ بەرەو ئامانجگەلێکی بەرزو بەسوود. یانیش ئەو ئامرازەیە جڵەوی سەرکێشی و ئارەزووە سنووربەزێن و زیادەڕەوییەکانی مرۆڤی پێ دەگیرێتەوە.
کاپور (A.C.kapur) دەڵێت: ئەخلاق ئەو بنەمایانە ڕێک و پێک دەکات و دادەڕێژێت کە بۆ کارتێکردن لە ڕەفتاری مرۆڤ لە ژیانی کۆمەڵایەتیاندا پێویستن. لە باشی و خراپی ڕەفتارەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوەو ئەو خواستە بنەڕەتییانە ڕووندەکاتەوە کە پێویستە مرۆڤ لەپێناویاندا خەبات بکات)1
ئێزایابرلین دەڵێت: بیری ئەخلاقگەرایانە، لە گەڕان و چاوەدێرییەکی سیستەماتیکیانەی پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ یەکتر پێکدەێت. و هەروا لەو چەمک و بەرژەوەندی و بایەخە بەرزانە پێکدێت کە سەرچاوەی ئامرازەکانی مامەڵەکردنی خەڵکن لەگەڵ یەکتر...2
ئەخلاق لە بنەڕەتداو لە ژیانی کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا وەک شێوازێکی خوو و نەریت خۆی دەنواند. و بە پێی ئەزموون و کاریگەری و ئاکامی ڕەفتار و کردارە باش و خراپەکان لەسەر ژیان و گوزەران و چێژو خۆشییەکانییان دیاری دەکرا. پاشان بەدەرکەوتنی مەزهەب، ئەخلاق چووە ناو قەڵەمڕەوی مەزهەبەوە. و بووبە ئەرکی مەزهەب تا دیاری بکات کێهە کارانە باش و پەسەندن و کێهانەش خراپ و ناپەسەندن. و بەواتایەکی تریش کێهەکارانە ئەخلاقین و کامانەش نائەخلاقی. بەڵام مەزهەب نەیتوانی گرفتی سەرەکی، واتا ڕێکەوتنی هەمووان لەسەر باشی و خراپی کردارەکان یەکلاکاتەوە. چونکە هەر مەزهەبە خاوەنی هەلومەرج، بەرژەوەندی و دیدی خۆیەتی و ئەوەی بەلای مەزهەبێکەوە لوتکەی ئەخلاقە دەکرێ بەلای مەزهەبێکی ترەوە لوتکەی بێ ئەخلاقی بێت. تەنانەت ڕێکەوتن لەسەر سنوورو چوارچێوەیەک کە پەیڕەوانی یەک مەزهەبیش لەسەری کۆک بن بووبەکارێکی مەحاڵ. و گرووپبەندی و ئیجتیهاد و جیابوونەوەو لەتبوونی لێکەوتەوە. لەگەڵ ئەمەدا تا ئەمڕۆش، بۆ سەدان ملیۆن مرۆڤی ئەم سەر زەمینە هێشتا مەزهەب، تاکە هیوایەکە بۆ بەئەخلاقیکردنی کردارەکانی تاک و کۆمەڵ. و بەدیهاتنی ڕزگاری و خۆشبەختی. و بەدوور لە ڕاست یان چەوتبوونی بڕوای مەزهەبگەرایان، کاریگەرییەکانی مەزهەبە جۆربەجۆرەکان لەسەر ژیان و ڕەفتاری مرۆڤ نکوڵی ناکرێت. ئەم کاریگەرییانەش دەکرێ لەهەندێک قۆناغ و هەلومەرجدا پۆزەتیف و لە هەندێکی دیکەشدا نێگەتیف بن.
مارتین لۆتەر لەو باوەڕەدا بوو کە هەرکەس بەدیراسەکردنی ئینجیل و پەرتوکی پیرۆز و گەڕانەوە بۆ ویژدانی خۆی دەتوانێ لەخوای خۆی نزیک بێتەوەو ئیتر بەهیچ جۆرێک پێویستی بەدوعاو شفاعەتی پیاوانی کڵێسا نییە. ئەم بۆچوونەی لۆتەر کە ڕۆڵی ویژدان و زهنیەتی تاکی هێنایە ناو مەزهەبەوە، خاوەن باوەڕانی مەسیحی خستە بەردەم بەرپرسیاری لەبەرانبەر بەها ئەخلاقییەکاندا. ئەو بەهایانەی مرۆڤ بەگەڕانەوە بۆ عەقڵ و ویژدانی خۆی پێیاندەگات، نەک بەدوعاو پاڕانەوەو فتوای پیاوانی کڵێسا.

دیارە کە لۆتەر بەم بۆچوونەی مەبەستی نەبوو کە ئەخلاق لە قەڵەمڕەوی مەزهەب بهێنێتە دەرەوە. بەڵکو ئەوەی کاریگەریی مەزهەب لە پێکهێنانی بایەخە ئەخلاقییەکانی تاکدا بە ڕێچکەیەکی باشتردا بەرێت.
ماکس فیبەر(1864–1920)، ساڵی 1904 وتارێکی لەژێر ناوی ئەخلاقی پرۆتستان و گیانی سەرمایەداری بڵاوکردەوە. لەوێدا لەسەر ئاستێکی بەرفرەتر لە بایەخە ئەخلاقییەکانی تاک و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە. فیبەر لەوباوەڕەدابوو کە ئەخلاقی پروتستانی لە چوارچێوەی دیرۆکی خۆی هاتۆتە دەرەوە تا لە سەرتاپای جیهانی سەنعەتیدا بەرفرەبێتەوە. و ئەو لە پەیوەندی لەگەڵ سەرمایەداری و دەوڵەمەندبوون و خەرجکردنەوەی ساماندا دەپرسێ: مرۆڤ بۆچی پێویستە کاربکات و سامان بەدەست بخات؟ لەمڕووەوە پێیوایە کە سامان خەرجکردنەوە وەک ئامانجێکی کۆتایی، کارێکی ناعەقڵانییە. و بەبێ هەبوونی پەیامێکی ئەخلاقی، کەئەو پەیامە ئەخلاقییەش لەدیدی ئەوەوە جگە لە کاریگەریی مەزهەب شتێکی تر نابێت، لەدەرەوەی لۆژیک و ژیریی دایە.3
هەروا لەسەردەمی هاوچەرخیشدا مەزهەب لەگەڵ ئەوهەموو دزێویەیدا هێشتا لێرو لەوێی جیهان، هەندێک ڕووی جوان لەخۆی نیشاندەدات. و بۆنموونە لە ئەمریکای لاتین، لەبازنەی ئازادیخوازان و لایەنگری ستەم لێکراواندایەو ئەو پەیامە ئەخلاقییەی وەئەستۆی خۆی گرتووە تایبگەیەنێ کە هاوڕێ و هاوکات لە گەڵ بنەما ئەخلاقییەکانی سکولاریزمدا یەکدەگرێتەوەو لەوێ: (خواپەرستانی ئازادیخواز هانمان دەدەن کەبە ڕەهەندی ئەخلاقی و پابەندبوونی شۆڕشگێڕانە و تێکۆشان دژی نابەرابەری کۆمەڵایەتی و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی نوێ بیربکەینەوە)4
بەڵام لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا، لەسەر ئاستی بیرو لێکۆڵینەوە، بەڵگەو لۆژیکی ڕەفتاری ئەخلاقی کەوتۆتە ئەستۆی فەلسەفە. و لێدوان لە ئەخلاق وەک بابەتێکی فەلسەفە هەڵدەسەنگێنرێت.
بەڵام فەلسەفەش تائێستا نەیتوانیوە کێشەی ئەخلاق یەکلاکاتەوەو مرۆڤایەتی بخاتە سەر ڕێچکەیەکی ئەخلاقی. و تەنانەت تائێستا نەیتوانیوە ئەم کێشەیە یەکلاکاتەوە کە کردارە ئەخلاقییەکان کامانەن. ئەگەر بۆ نموونە لەچەمکی (شەڕ) بکۆڵینەوە. لەڕواڵەتەکەیدا زۆر بەسادەیی دەتوانین هەموو لەسەر ئەمە ڕێک بکەوین کە شەڕ بێ ئەملاو ئەولا یەکێکە لە دزێوترین و چەپەڵترین کرداری مرۆڤ و پەنابردن بۆ شەڕ وەک چارەسەرییەکی کێشەکان و یانیش بەدەستخستنی خواستە جۆربەجۆرەکانی، نیشاندەری دڕندەیی و زاڵبوونی لایەنی ناعەقڵانییەتی بەسەر عەقڵ و لۆژیکیدا. بەڵام کاتێک بەکردەوە دەچینە ناو ژیانەوە، ئەم بۆچوونانە گۆڕانیان بەسەردا دێت و چەمکەکانی وەک شەڕی عادلانە، شەڕی ڕزگاری، شەڕی پیرۆز، شەڕی بەرگری لەخۆ... دێنە ئاراوەو هەندێک جار ژیان بەسەرماندا دەسەپێنێ لە نێوان دوولایەنی شەڕکەردا لایەنگری یەکێکیان بین. بۆ نموونە: لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا بیرمەندان و فەیلەسوفانی مرۆڤدۆست بێلایەن نەبوون، و ڕووبەڕووبوونەوەی فاشیزم و نازیزم ئەرکێکی پیرۆزی هەمووان بوو. هەروا نموونەکانی جەنگی ڤێتنام، عەرەب و ئیسرائیل، ئەمەریکاو ڕژێمەکەی سەدام... چەند نموونەی ترن.
بەمجۆرە هەوڵەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی بیرمەندان.. هەروا بەردەوامە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی ئەخلاق و وەڵامدانەوەی گشت پرسەکان. بەجۆرێک کە هەندێک لە فەیلەسوفانی ئەم بوارە بیریان لەوەکردۆتەوە کە بنەمایەک ببیننەوە تا کردارە باش و خراپەکانی پێ لەیەکتر جوێ کەنەوە. بۆ نموونە جۆرج ئەدوارد مور (1873–1959) لە پەرتوکێکدا بە ناوی ئەخلاق. دەخوازێ بە پشتبەستن بەچەند بنەمایەک لیستێک بۆ کردارە باش و خراپەکانی مرۆڤ دروست بکات. ئەو بنەمایەش بە شێوەکی سادە لەدووچەمکی (سوود، و زیان) دا خڕدەبێتەوە. بەجۆرێک کردارێک کە تەنیا سوودی هەبێت و هیچ زیانێکی بۆ هیچ گیانلەبەرو تەنانەت بێ گیانیش نەبێت لەسەرەوەی لیستەکە جێگادەگرێت و دوابەدوای ئەو، ئەوکردارانەی لە پاڵ ئەوەدا سوودیان زۆرە کەمێکیش زیانیان هەیەو پاشانیش ئەو کردارانەی زیان و سوودیان بەرابەرەو لەکۆتاییشدا ئەوانەی زیانیان لە قازانج زۆرترە... و بەمجۆرە تاکۆتایی.5 بەڵام بێگومان کێشەو گرفتەکانی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ بە ئەخلاقیکردنی ڕەفتارەکانی تاک و کۆمەڵ زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە بتوانرێ لە ڕێگای درووستکردنی لیستەوە،

ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت.
لەرۆژگاری ئەمڕۆداو لە ناو ئەم هەموو کێشەو ململانێ قورس و توندوتیژاویانەداو، دەستەوەستانی مرۆڤ لەبەرانبەر کێشەو گرفتە بچوک و گەورەکانی تاک یان کۆمەڵگا، هەرێمیی یان جیهانییەکانی..، لێدوان لە ئەخلاق و دیراسەکردنی بوارەکانی هەرچی زۆرتر گرنگی پەیدا دەکات، بەجۆرێک کە ئەخلاق بۆ خۆی بۆتە زانستێکی سەربەخۆ بە ناوی زانستی ئەخلاق. لەبەرئەوەی بەرژەوەندییەکانی تاک و کۆمەڵ زۆرجار دەکەونە هەمبەر یەک و ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان، واتا بەشێک لەکردارەکانی تاک، لەبەر ئەوەی بەزیان بەسەر کۆمەڵگادا دەشکێتەوە، لەلایەن کۆمەڵگاوە ڕەتدەکرێتەوەو دەکەوێتە خانەی ڕەفتاری ناشایستەوەو یانیش بە پێچەوانەوە، واتا بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا، بەردەوام کۆت و بەند دەخەنە سەر ڕێگای ژیانی تاک و گەلێک لە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن تاکەوە ڕەتدەکرێنەوەو سەرپێچییان لێدەکرێت... لە ئەنجامی ئەم کێشەو ململانێیەدایە کە دووچەمکی ئەخلاق لەئارادایە: ئەخلاقی تاک (یان ویژدان). ئەخلاقی کۆمەڵایەتی (یان یاسا). و بەمجۆرە بابەتی ئەخلاق، لەقەڵمڕەوێکی تردا خۆی دەبینێتەوە کە ئەویش فەلسەفەی سیاسییە.
بەڵام بەحوکمی ئەوەی سیاسەت، هەمیشە لەگۆڕان و وەرچەرخاندایە و پەیوەستەی خواست و ئایدیۆلۆژیاو بەرژەوەندییە. کەواتە هەم یاساو هەمیش ئەخلاق بەردەوام لەگۆڕان و ناسەقامگیریدان. و هیربرت سامۆئیل دەڵێت: (بنەما ئەخلاقییەکان لەگەڵ پەرەسەندن و گۆڕانکاری لەبیرو ئەندێشەدا، و بەپێی ئەو شتە نوێیانەی دێنە کایەوە، لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دەوروبەردا گۆڕانیان بەسەردا دێت، پیویستیشە گۆڕانیان بەسەردا بێت)6

## ئەخلاق و مەشروعییەت:

پەیوەندی ئەخلاق و مەشروعییەت، دانەبڕاوو، و حاشاهەڵنەگرە. بەو پێیەی هەر ڕەفتارێکی مەشروع دەتوانێ لەهەمان کاتدا ئەخلاقیش بێت و یانیش بە پێچەوانەوە هەر ڕەفتارێکی ئەخلاقی، لەبەر ئەخلاقیبوونی، مەشروع بێت و پەیڕەوکردنی ڕەوا بێت. بەمجۆرە هەم ئەخلاق و هەمیش مەشروعییەت دەتوانن هێندە بەرفرەو درێژو بێ سنوور ببنەوە کە کۆسپەکانی سەر ڕێگای یەکتر لابەرن و یانیش ببنە پاساو بۆ یەکتر.
ئەخلاق و مەشروعییەت لەکۆمەڵە سەرچاوەیەکەوە پەیدا دەبن، یان خۆیان دردەخەن لەمانە:
1- مەشروعییەت لەیاساوە: چەمکی مەشروعییەت لەزانستی سیاسەتدا بەواتای یاسایی بوون، یان لەچوارچێوەی یاسادا. و یاساش بۆخۆی هەرلەئاکامدا بەدەستی مرۆڤ دادەڕێژرێت و لەوێدا ڕەچاوی بەرژەوەندییە جۆربەجۆرەکانی تێدا دەکرێت و دەتوانێ یاسای باش و یاسای خراپ. مرۆڤانەو نامرۆڤانە، ئازادیخوازانەو سەرکوتکەرانە... بێنێتە کایەوە. کەواتە مرۆڤ جارێکی تر بەشێوەیەک لەشێوەکان هەر خۆی دیاری دەکاتەوە چ شتێک مەشروعەو چ شتێکیش نا. بۆیە مەشروعییەتێک کەلەیاساوە بەدەست دێت لەکاتێکدا کەبواری لەبەردەمدایە ڕاستەقینەبێت، لەهەمان کاتدا دەتوانێ مەشروعییەتێکی ساختەش بێت.
روبیرت دال دەڵێت: (حکومەت کاتێک خاوەنی مەشروعییەتە کە خەڵکانی ژێر فەرمانڕەوایی ئەو حکومەتە باوەڕی ڕاستەقینەیان بەوە هەبێت کە ساختار، ڕەفتار، دەستپێشخەری، بڕیار، سیاسەت، پلەوپایەکان، ڕێبەران یان حکومەت خاوەنی شایستەیی، دروستکاری، و ئەخلاقی.. بن.)7
هەروا ژرمی بنتام (1748-1832) دەڵێت کە ئامانج و مەبەستی یاسادانان پێویستە بەختیاری مرۆڤ بێت. و (سوودمەندی هەمووان) پێویستە بنەمای ڕێنماییکردن بێت.
بەڵام سوودمەندی چییە؟ بنتام وەڵام دەداتەوە کە کەسروشتی مرۆڤ بە جۆرێکە کە لە ژێر فەرمانی دوو دەسەڵاتدایە یەکێکیان چێژ، ئەوی تریان ئازار. و تەواوی بڕیارەکانی ئێمە لەژیاندا پەیوەستەی ئەم دووانەن.
بەلای بنتامەوە کەسێک بانگاشەی ئەوە بکات خۆی لەدەست ئەم دووانە یان یەکێکیان ڕزگارکردووە، نازانێ دەربارەی چی دەدوێت.
لەبەر ئەمەش ئەم دووانە نەگۆڕو هەمیشەیی و مرۆڤ توانای خۆڕاگری لەبەرانبەریاندا نییە، کەواتە ئەمانە

دەبێ بابەتی سەرەکی دیراسەکردنی بیرمەندانی ئەخلاق و یاسادانان بن.8

2- مەشروعییەت لە ڕای گشتییەوە:
پەیوەندی ڕای گشتی و ئەخلاقی سیاسی لەو کێشمەکێشە جۆربەجۆرانەدا بەرجەستە دەبێت کە لەنێوان دەسەڵات و کۆمەڵگادا دێنە ئاراوە. بۆنموونە کاتێک دەسەڵاتێکی سیاسی وڵاتێک بخوازێ جەنگ دژی وڵاتێکی تر هەڵگیرسێنێت، پێویستی بە پشتیوانی ڕای گشتییە. بۆئەمەش ئەو دەسەڵاتە سەرەتا بەچەندان شێوازی ڕەواو نارەوا، ڕاست یان درۆ، هەوڵدەدات مەشروعییەت بەو خواستەی خۆی ببەخشێت و بیخاتە خانەی ئەخلاق و ڕەفتارێکی شایستەوە. بەمەش ڕای گشتی بۆ ئامادە دەکات و. دەتوانێ لەڕێگای وەبەرنانی ترسێکی وەهمی یان ڕاستەقینە، بەڵێنی پاداشتی مادی و باشکردنی ژیان و گوزەران.. و هیترەوە، ڕای گشتی ڕازی بکات.
دیارە پێچەوانەکەشی دەگونجێ. واتا زۆرجار بەتایبەتی لە سیستەمە دیموکراسیەکاندا ڕای گشتی لەڕێگای گوشارو چالاکی و کاردانەوەی جۆربەجۆرەوە دەتوانێ دەسەڵات ناچاری شەڕ یان ئاشتی، لابردن، یان هێنانەکایەی یاسای نوێ و بەگشتی ڕەفتاری نوێ بگرێتەبەرو بڕیاری نوێ دەربکات. بەڵام لەسیستەمە نادیموکراسییەکاندا، ڕۆڵی ڕای گشتی لەپەیوەندی لەگەڵ ئەم بابەتەدا دادەبەزێتە ئاستی هەرە نزمی خۆی و دەسەڵات بە وەکالەتی خەڵک و ڕای گشتی، بێ گەڕانەوەو پرس پێکردن، بڕیارەکانی خۆی دەردەکات و کاروچالاکییەکانی ئەنجام دەدات.. هەروا مەرجیش نییە خواستەکانی ڕای گشتی هەمیشە عەقڵانی و گونجاو بن. و بە پێچەوانەوە دەتوانن تەنیا هەست و عاتیفە بن. بۆ نموونە ڕای گشتی لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، ئیسرائیل، و تورکیا... لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەرێچکەیەکی ناعەقڵانی عاتیفیدا دەچێت. گەرچی ئەمە بەو واتایە نییە کەدەسەڵاتی سیاسی لەم وڵاتانەدا بە پێچەوانەوەن. بەڵکو پتر سیمایەکی پێشبڕکێ لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگای ئەو وڵاتانەدا بەدی دەکرێت، کە لەسەر بنەمایەکی ناعەقڵانی و عاتیفی دامەزراوەو بەرێوە دەچێت.

3- مەشروعییەت لە ئایدیۆلۆژیاوە:
لە حاڵێکدا ئایدیۆلۆژیا ئەو شتەیە سیاسەت ئاراستە دەکات، لەهەمان کاتدا هێزی بزوێنەری چالاکی سیاسی خەڵکیشە. و کاریگەرترین لایەنی سیاسەتە. و دەگوترێ بێ ئایدیۆلۆژیا سیاسەتێک نییەو بێ سیاسەتیش ئایدیۆلۆژیا نییە.9
ئایدیۆلۆژیا یەک لەو سەرچاوانە، و بەڵکو مەترسیدارترینی ئەو سەرچاوانەیە کەمەشروعییەتی سیاسی لێوە بەدەست دێت. و هەر ڕەفتارێکی سیاسی بنەمایەکی ئایدیۆلۆژیکی هەبێت، وا پێناسەدەکرێت کە بنەمایەکی ئەخلاقیشی هەیە. ئەم ئایدیۆلۆژیایەش دەکرێ باش یان خراپ.. مرۆڤانە یان دژە مرۆڤانە، مەزهەبی، یان سکولار بێت.
بۆ نموونە، دەسەڵاتێک یان تاکێکی مەزهەبی، کاتێک گەڕایەوە بۆ بنەما مەزهەبیەکانی خۆی ئیتر ناگەڕێت و دانامێنێت بۆ پێناسەکردنی ڕەفتارەکانی داخوا ئەخلاقی، مەشروع، و یاسایین یان نا. چونکە لە سۆنگەی خۆیەوە، پێشوەخت ئەو مەشروعییەت و ئەخلاقیبوونە بەدەستهاتووە. لەبەر ئەوەش کە ئەو کارە دەگێڕدرێتەوە بۆ خوا، ئیتر نە تاک و نە کۆمەڵ مافی سەرپێچی و ڕێتکردنەوەو تەنانەت ڕەخنەشیان نییە.
هەروا لە ئایدیۆلۆژیا نەژادپەرستەکانیشدا لەدیدی (خۆپێ باشتربوون) ەوە، ئەو مەشروعییەتە بەدەست دێت کە لەبەر ئەوەی باشترن ڕەفتارەکانیشیان باش و ئەخلاقی و مەشروعن. چونکە لێرەدا، وا دەخرێتە ڕوو کە ڕووبەڕووبوونەوەی دوو نەژادی خاوێن و پیس، پاک و گڵاو... لەئارادایە. بۆ لەناوبردنی پیسی و گڵاویش هەرکارێک ڕەواو ئەخلاقییە.
هێتلەر دەڵێت: ( ئەرکی بەهێزتر ئەمەیە کە فەرمانڕەوایی بکات و خۆی تێکەڵاوی لاوازترەکان نەکات،

تاگەورەیی و مەزنایەتی خۆی نەکاتە قوربانی.)10 مەبەستی هێتلەر لەم دەربڕینەدا ئاشکرایە. کە مەبەست لە گەورە، نەتەوەی سەردەست و زاڵ، لێوەشاوەو شایستەیە. و لاوازیش تەواوی ئەو تاک و کۆمەڵانەی دەرەوی ئەو نەتەوە شایستەیەن
.

4– مەشروعییەت لە بەرژەوەندییەوە:

لە جیهانی سیاسەتدا، تێزێکی هەرە سەردەست و زاڵ لە ئارادایە کە پێیوایە مرۆڤ هیچ کات ناتوانێ بەرژەوەندییەکانی خۆی بە ڕێگایەکی ئەخلاقی بەدەست بخات و لەنێوان ئەخلاق و دەستکەوتی سیاسیدا تەنیا بواری هەڵبژاردنی یەکێکیان لەئارادایە. پێشەوای فکری ئەم تێزەش ماکیاڤیلی (1469–1527) ە کە لەبەرهەمە بەناوبانگەکەیدا شازادە( 1513) دا خراوەتە ڕوو. ناوەرۆکی ئەم پەرتووکە وەک یەکەمین هەوڵێک بۆ تۆمارکردنی ئایدیۆلۆژیایەکی ڕەهاگەرا هەڵدەسەنگێنرێت. کە ئەم ئایدیۆلۆژیایە پاشان و لەسەدەی هەڤدەهەمدا لەسەردەستی تۆماس هۆبز، تەواوکرا. بەڵام تیۆری و دیدو بۆچوونەکانی ماکیاڤیلی وەک بەرجەستەترین نموونەی ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی و ڕەتکەرەوەی هەر مەرامێکی ئەخلاقی هەڵسەنگێنراوە.

ماکیاڤیلی باوەڕی بەهیچ بنەمایەکی ئەبەدی نەبوو کە بەپێی ئەو، سیاسەت ئاراستەو پەیرەو بکرێت. هەروا هیچ باوەڕێکیشی بایاساو مافە سروشتییەکان بەجۆرێک کەلەسەر بنەمای ئەو سیاسەت دابڕێژرێت نەبوو. و دەڵێت: (سیاسەتمەداران دەبێ بەردەوام بەسەر کۆسپ و گرفتەکانیاندا زاڵ بن. و ئەمە ئەرکی ئەوانەو ئامانجێکی تر بۆ ئەوان دیاری نەکراوە).11

هەروا ماکیاڤیلی باوەڕی تەواوی بەوە هەیە کە هەلومەرجە دیرۆکییەکان هەمیشە لەگۆڕان و وەرچەرخاندان. بەڵام مرۆڤ شیاوی گۆڕان نییەو ئەوەی هەیە هەر ئەمەیەو دەڵێت: (مرۆڤ خۆی لەخۆیدا بوونەوەرێکی خۆویستە. چاوچنۆک و دەستدرێژکارە. بۆ ئەو زۆرئاسانترە لە بکوژی باوکی خۆشبێت، تائەوەی لەکەسێک کە ئەوسامانەی دزیبێ کە لەباوکیەوە بۆی ماوەتەوە. مرۆڤ دەسەڵاتخوازە. بەڵام پێویستی بەئارامی و پاراستنی ژیانیشی هەیە)12

ماکیڤیلی تائەو جێگایە دەڕوات و دەڵێت: (بۆ پادشایەک هیچ پێویست نییە کەتەواوی خەسڵەتە باشەکان لەخۆیدا خڕکاتەوە. لەخۆم ڕادەبینم بڵێم کە هەبوون و لەبەرچاوگرتنی ئەو خەسڵەتانە مەترسیداریشن، بەڵام خۆنیشاندان بە پابەندبوون بەو خەسڵەتانە سوودمەندە)13 دەبینین ماکیاڤیللی ڕاشکاوانە نەک پابەندبوون بە خەسڵەتە باشەکانی مرۆڤایەتی بۆ سیاسەتمەدارێک بەمەترسی دەزانێت. بەڵکو هانیشیاندەدات بۆ فێڵ و درۆو ساختەبازی.

ئەم دیدو بۆچوونانەی ماکیاڤیللی، پاشان لە لایەن فەیلەسوفێکی ترەوە کە توماس هۆبز(1588–1679) ە. بەڵام بەجۆرێکی تر، پەرەی پێدرایەوە. هۆبز لە لێکدانەوەی ناخی مرۆڤ و گەڕان بەدوای خەسڵەتەکانیدا بەو ئاکامە دەگات کە مرۆڤ بوونەوەرێکی قەیراناوییەو قەیران و نائارامی و ناڕازیبوونی بەردەوام و نواندنی توندو تیژی خەسڵەتی جیانەکراوەی سروشت و پێکهاتەی ئەون. بەلای ئەوەوە دوو خەسڵەتی ناکۆک و دژ بەیەک لەناخی مرۆڤدان یەکەم: خواستی ئازادی. دووەم: خواستی زاڵبوون بەسەر خەڵکانی تردا. ئەم دوو خەسڵەتەش لەبەر ئەوەی هیچ کات ناگەنە یەک و بەحوکمی ئەوەی خواستی زاڵبوونی یەکێک بەسەر یەکێکی تردا حەتمەن دەبێتە هۆی زەوتکردنی ئازادیەکەی، و بەمجۆرە و بەپێی ئەو تێزەی هۆبز، بۆ ئازادبوونی کەسێک دەبێ چەندانی تر نائازادو ماف زەوتکراو بن. کەواتە کێشەو ململانێکان ئەزەلی و ئەبەدین و هیچکات لەبن نایەن. و دەڵێت: (مرۆڤ لەبەرانبەر مرۆڤدا گورگە)14 بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم حاڵەتە تەنیا دەسەڵاتە کەدەتوانێ ئارامی کۆمەڵگا بپارێزێت. هەربۆیەش ملکەچکردن بۆ دەسەڵات (هەردەسەڵاتێک بێت) ئەرکی هەمووانەو سەرپێچی ڕەوا نییە. و دەڵێت: (دەگونجێ فەرمانڕەوا سەرکوتکەر بێت. بەڵام خراپترین سەرکوتکردنێک لەبەرەڵایی و بێ سەرەوبەرەیی باشترە)15

بەلام لەگەڵ ئەمەشدا هۆبز، لەدوو حاڵەتدا سەرپێچی لەبەرانبەر دەسەڵاتدا ڕەوا دەبینێت. یەکەم: لەحاڵەتی بەرگریکردن لەخۆ. دووەم: لەحاڵێکدا کەدەسەڵات توانای پاراستنی هاولاتیانی خۆی نەبێت.

لەگەڵ هەمو ئەم ڕەشبینییە سەبارەت مرۆڤ و باوەڕنەهێنان بە توانای گۆڕانکاری و پەرەسەندنی پۆزێتیڤانەی مرۆڤ شان بەشان لەگەڵ ڕەوتی دیرۆکدا، و مانەوەی سیاسەت لە جوارچێوەی ڕواڵەتیانەی ئەخلاقدا. هەندێک دیدی ئەخلاقیانەش هەن کە بوونە بابەتی سەرەکی زانستی سیاسەت لەمانە:
یەکەم: مافە سروشتییەکان: ئەمەش بەو مافانە دەگوترێت کە بەشێوازێکی سروشتی، بەر لە پەیدابوونی کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەت هەبوون و دەبن. و ئەو مافانەن کە نەگۆڕانیان بەسەردا دێت و نە مەرجیش هەڵدەگرن. ئەمانەش وەک: مافی ژیان، ئازادی، و بەرابەریی...
چەمکی مافە سروشتییەکان پێشینەیەکی کۆنی هەیە. بەلام لەسەدەکانی حەڤدەهەم و هەژدەهەمدا ڕەواجی پەیداکرد. و ژان لاک لەسەردەمی نوێدا پێشەوای ئەم تێزەیە. و ئەویش وەک بیرمەندانی هاوچەرخ پێیوانیە کە مافە سروشتییەکان لەخواوە بەمرۆڤ بەخشرابن، بەڵکو لەو بەڵگەنەویستانەن کە عەقڵی مرۆڤ خۆی پێیان دەگات و بەدەستیاندەهێنێت.
لاک دەڵێت: (گشت تاکەکانی ئادەمیزاد لەحاڵەتێکی بەرابەردان و یەک هێزو دەسەلاتی یەکسانیان هەیە. و هیچکەس ئیمتیازی لەویتر زۆرتر نییە)16
پەیوەندی ئەخلاق بەم چەمکەوە، لەو جێگایەدایە کەدەبێ ڕێزلێنان و پەیڕەوکردنی تەواوی ئەو مافە سروشتیانە، ببێتە ئەرکی هەمووان. و بەواتایەکی تر ڕێکەوتنی هەمووان لەسەر دەستدرێژی نەکردنە سەر ژیان و ئازادی خەڵکی. و پێشێلکردنیشیان بەواتای پێشێلکردنی ئەخلاق. لایەنگرانی ئەم تیۆرییە لەهەوڵی ئەوەدان ئەم مافە سروشتیانە ببنە یاساو ئەرکی هەموانیش بێت پەیڕەوی بکەن.
بەلام ئەم تیۆرییە ڕووبەڕووی ڕەخنەو ڕەتکردنەوەش بۆتەوە. بۆ نموونە فەیلەسوفی ئینگلیزی ژیرمی بنتام (1748–1832) مافە سروشتییەکانی بە (قسەی پڕوپووچ) ناودەبرد و پێیوابوو تاکە قسەی واتادار دووان دەربارەی (مافی یاسایی) ە نەک مافی سروشتی. بەلام لەگەڵ ئەم ڕەخنەو ڕەتکردنەوانەشدا، بیرمەندانی سەدەی بیستەم هەمان ئەو مافە سوروشتیانەیان بەشێوازێکی تر فۆرمۆلەکردو لەژێر ناوی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤدا ڕاگەیاندو کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدانیشتنی 10/دیسامبری 1948 لە پاریس پەسەندکرد.

دووەم: یاسا نێونەتەوەییەکان؛مەبەست لەیاسا نێونەتەوەییەکان، ئەو یاسایانەن کە پەیوەندی نێوان ولاتان بەشێوازێکی سەربەخۆ کۆنترۆڵ دەکات. و لەبەر ئەوەی دەوڵەتان خۆیان ئەو یاسایانەیان ئیمزا کردووە کەواتە لەهەڵبژاردنی ئازادانەی خۆیانەوە سەرچاوەدەگرێت و لەئاکامدا پێویست بە جێبەجێکردن و پەیڕەوکردنییانە.
پەیوەندی نێودەوڵەتان و ئەخلاقیکردنی ئەو پەیوەندییە زۆر دەمێکە بەشیک لەخەمی بیرمەندان و فەیلەسوفان بووە. لەناو ئەمانەدا بۆ نموونە کانت، کە سەرەڕای ئەمە دەیخواست ئەو پەیوەندییە بەتایبەتی لەسەردەمی جەنگدا ئەخلاقی بکرێت.
ئەمڕۆ کۆمەڵێک یاساو ڕێکەوتنامەی گەورەی نێودەوڵەتی دەربارەی جەنگ و ئەرک و مافەکانی لایەنە بەشدارەکان لەجەنگدا، کێشەکانی سنووری ئاوی و خاکی، داماڵینی چەک و بەکارهێنانی چەکی کۆکوژی، سوودوەرگرتن لە وزەی ئەتۆمی، پاراستنی ژینگە. و هەروا ساڵی 1991 بۆ یەکەمین جار لەبڕیاری 688 دا ئەو مافە بەدەست هات کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە حاڵەتی هەبوونی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی جیهانی دەتوانێ دەست لەکاروباری نێوخۆی ولاتانی تر وەردات.. و دەیان یاساو ڕێکەتنامەی نێودەوڵەتی.

هاتوونه ئاراوه. بەڵام ئەمانەش وەک یاساو ڕێکەوتنامە نێوخۆییەکان. بەپێی بەرژەوەندی وڵاتان و تواناو دەسەڵاتیان.. جێگای لێکدانەوەو جێبەجێکردن یان پێشێلکردنن. کێهە وڵاتەش لەهەمووان تواناداراتر بێت، لەهەمووان پتریش تواناو بواری یارییپێکردن و شێوازی سوودوەرگرتنی ئەو یاسایانەی هەیە.

ماویەتی


<u>سەرچاوەو پەراوێزەکان</u>

1- عبدالرحمن عالم. بنيادهای علم سياست. نشر نی. تهران-1376 ل72

2- ايزايا برلين. نسيج الأنسان الفاسد. ترجمه: سميه فلو عبود. دار الساقی. بيروت-1993

3- ميشيل لووی. درباره تغيير جهان. مقالاتی درباره فلسفه سياسی از كارل ماركس تا والتر بنيامين. ترجمه: حسن مرتضوی. انتشارات روشنگران و مطالعات زنان- 1376 ل91

4- هەمان سەرچاوە ل74

5- بڕوانە: جورج ادوارد مور. ترجمه اسماعيل سعادت. شركت انتشارات علمی و فرهنگی-1366

6- عبدالرحمن عالم. سەرچاوەی پێشوو ل73

7- هەمان سەرچاوە ل106

8 - دكتر ابوالقاسم طاهری. تاريخ انديشەهای سياسی در غرب. نشر قومس- تهران 1383 . ل288

9- عبدالرحمن عالم، سەرچاوەی پێشوو ل84

10- سون اريک ليدمان. تاريخ عقايد سياسی از افلاطون تا هابرماس. ترجمه: سعيد مقدم. نشر دانمش ايران 1379 ل282

11- هەمان سەرچاوە ل115

12- هەمان سەرچاوە ل 114

13- عبدالرحمن عالم. سەرچاوەی پێشوو ص74

14- دكتر ابوالقاسم طاهری.- هەمان سەرچاوە. ل224

15- هەمان سەرچاوە. ل228.

16- هەمان سەرچاوە. ل249